## میران خەسرۆ یاریزانی یانەی هەولێر:

# پێویستە متمانە بدەنە ڕاهێنەرانی کورد تـــــ

**یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانی شاری هەولێرە و لەگەڵ یانەی هەولێر دەستی بەوەرزش کردووە تەواوی قۆناغە جیاوازەکانی لە یانەی هەولێر بڕیوە تا گەیشتۆتە ریزی یەکەمی یانەکە، لەگەڵ یانەی هەولێر چەندین نازناوی بەدەست هێناوە لە هەردوو خولی کوردستان و خولی عێراق و جامی عێراق یەکێک بووە لە یاریزانە بەتوانایانەی کە چەندین ڕاهێنەرە یەک لە دوای یەکەکانی هەولێر پشتیان پێ بەستووە لە نێو یاریگا وەکو یاریزانێکی سەرەکی، ناوبراو لەدایکبوویساڵی ١٩٨٩ی شاری هەولێرەو لە خانەوادەیەکی وەرزشدۆست چاوی بە دونیا هەڵهێناوە و خولیای وەرزشی زۆر زۆرە، ئێمەش لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو ناوبراویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی ئێمەی دایەوە.**

*** ئاستی یانەی هەولێر چۆن دەبینی لە ئێستادا؟**

- لە ئێستادا ناتوانم بڵێم ئاستی یانەی هەولێر زۆر باشەو لە هەمان کاتیشدا ناتوانم بڵێم خراپە بەڵام ئەوەندە دەڵێم چاوەڕوانمان بن بەدەرکەوتنێکی بەهێزەوە بەدەر دەکەوینەوە.

*** بە بۆچوونی تۆ وەکو یاریزانێك پێت وایە گۆڕانکاری لە ریزی ڕاهێنەر دەتوانێ یانەی هەولێر بەرەو قۆناغێکی باش ببات؟**

- من وەکو یاریزانی یانەکە بە بۆچوونی خۆم سەد لەسەد لە جێگای خۆی بوو، چونکە ڕادان تەنیا بە گوێی خۆی دەکرد و پرسی بەکەس نەدەکرد هەتا پرسی بە یاریدەدەرەکانیشی نەدەکرد بۆیە دەڵێم هەولێر دەچێتە قۆناغێکی زۆر باش.

*** پێت وا نییە کە لە سەردەمی ڕادان بۆتۆ بارودۆخێکی خراپ بوو کە یاری بەتۆ نەدەکرد بە پێچەوانەوە نزار مەحروس گرنگی زۆری بەتۆ دەدا؟**

- تاکو ئێستاش نەمزانی بۆچی ڕادان یاری بەمن نەدەکرد، سەرەرای ئەوەی هەموو رۆژێ ڕاهێنانی خۆم دەکرد، یەك دوو یاری یاری پێ کردم، زۆری لە ئاستی من ڕازی بوو دوای یارییەکانیش دەست خۆشی لێ دەکردم، بەڵام دواتر دیسان یاری بەمن نەدەکرد، یەکێ لە یارییەکان کە من یاریم کرد بەرامبەر مەسافی بوو توانیم گۆڵێك دروست بکەم، کەچی پێچەوانە بوو نازانم بۆچی کە رۆیشتووە پێی نەگوتم بۆیاریم پێ ناکات.

*** پێت وایە عومەر مەجید دەتوانێت ڕابەرایەتی یانەی هەولێر بکات بۆقۆناغێکی زێڕین؟**

- بەڵێ بە دڵنیاییەوە چونکە کاپتن عومەر شارەزاییەکی تەواوی هەیە لەسەر هەموو یانەکانی بەشدار لە خولی بژاردەی عێراقی ئەوەش مایەی خۆشحاڵیە بۆهەموو لایەك.

*** بۆوەزری داهاتوو یانەی هەولێر چی بکات باشە وەکو بەرەو پێش بردنی یانەکە؟**

- بە بۆچوونی خۆم پێم باشە بۆ وەزری داهاتوو یانەی هەولێر چوار یاریزانی پیشەگەری دەرەوەی عێراق بهێنێ لەگەڵ پێنج تا شەش یاریزانی عەرەب بهێنین ئەوانی تریش تەواوی یاریزانی کورد بن زۆر ئاستی یانەکە بەرزتر دەبێتەوە.

*** بە بۆچوونی تۆ ڕاهێنەری دەرەوە باشترە یان ڕاهێنەری کوردی خۆمان؟**

- بابەتی ڕاهێنەر وەکو بابەتی یاریزانە کوردەکانە پێویستە متمانە بدەنە ڕاهێنەرە کوردەکانی خۆمان بۆئەوەی بتوانن بۆداهاتوو کاری باش و گەورە بکەن و ئاستی یانە کوردیەکان بەرز بکەنەوە.

*** لە ماوەی ڕابردوو هیچ گرێبەستێکت پێشکەش کراوە لە یانەکانی تری عێراق و کوردستان؟**

- بەڵێ پێشکەشم کراوە لە یانەکانی کوردستان و عێراق، بەڵام لە قوتابخانەی یانەی هەولێر پەروەردە بوومە ناتوانم یانەکەم جێ بهێڵم.

*** کێ هاوکاری بەردەوامتە بۆوەرزش کردن ؟**

- بەردەوام مامۆی خۆشەویستم عومەر سەلیم و خاڵی خۆشەویستم زیوەر قادر و





## کردنەوەی خولی هونەری جۆدۆ

ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر بە سەرپەرشتی مامۆستا (بەهێز رواندوزی) خولێکی فێربوونی هونەری یاریی جۆدۆ بۆ کچان کردووە، کە یارییەکی جیهانییە و خولەکە رۆژانە بەردەوامە و زیاتر لە ١٥ کچ تێدا بەشدارن هەر سەبارەت بەو خولە چۆنێتی بەهێز رواندوزی گوتی: ئێستا وەکو تیپی جۆدۆی کچانی ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر کە یەکەمین تیپین لە کوردستاندا و تا ئێستا لە پارێزگاکانی تری وەکو دهۆك و سلێمانی ئەم یارییەیان نییە لە سەر ئاستی کچان، بەڵام بە هەوڵ و کۆششی دایکان و باوکان و کەس وکاری ئەم قوتابییە بەرێزانە توانیمان ئەم تیپە پێکبهێنین و مەشق وڕاهێنان دەکەین تاوەکوو لە مانگی ٧ی داهاتوودا بەشداریی پاڵەوانێتی یاریی جۆدۆ بکەین لە سەر ئاستی عێراق کە خۆی لە خۆیدا کەم نییە کە تیپێکی کچان لە یاریی جۆدۆدا بەشداریی لە خولێکی وادا بکات. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر هاتوو لەم پاڵەوانێتییەدا سەرکەوتن بە دەست بهێنین ئەوا راستەوخۆ بەشداری لە پاڵەوانێتیی عەرەبدا دەکەین لە شاری شەرمشێخ لە میسر کە مانگی ٩ بەڕێوە دەچێت. کە بڕوایەکی تەواویشم بە یاریزانەکان هەیە بتوانن سەرکەوتن بە دەست نهێنن و سەری کوردستان و شارەکەمان بەرزبکەنەوە.»

# ـــــاكو ئاستی یانەكانمان بەرز كەنەوە



براكانم پاڵپشتی بەردەوامی من لە وەرزش كردنم.

*** دەستەی كارگێڕی یانـــەی هەولێر تا چەند هاوكاریتان دەكەن؟**

- بەهەمـــوو تواناكانی خۆیان هـــاوكاری بەردەوامی ئێمـــەن وەكو یاریزانان ئەوپەری توانای خۆیان خســـتۆتە گەڕ بۆسەرخستی یانەكەمان رۆڵیان دیار و بەرچاوە.

*** هیچ جیاوازییەك نابینی لە نێوان یاریزانانی دەرەوە و ناوەوە؟**

- نەخێر،بەڵام ئێمە دەبێ وەكو یاریزانانی شاری هەولێر رێزی زیاتر لە یاریزانانی دەرەوە بگرین چونكە میوانی ئێمەن لەم شارە.

*** چی بكرێت باشـــە بۆئەوەی ئاســـتی یانەی هەولێر لە داهاتوودا زیاد لە پێویست بەرز بێتەوە؟**

- پێم باشـــە لە ئێســـتاوە هەوڵ بۆ ئەوە بدەن كەوا قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بكەنەوە بۆئەوەی ئێمە لە داهاتوو پێویستمان بە یاریزانانی تر نەبێت.

*** جگە لە وەرزش كردن رۆژانە بە چی خەریكی؟**

- جگە لە وەرزش كردن لە وەزارەتی پێشمەرگەی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە یەكەی هەشـــتا دەوام دەكەم و زۆریش هاوكاریم دەكەن لێرەوە دەمەوێ سوپاســـی مامۆستا عەبدولعەزیز بكەم هەمیشە خۆم بە قەرزاری دەزانم.

*** حەز دەكەی بگەیتە ئاستی كام یاریزانی جیهانی؟**

- حەزدەكەم بگەم بە ئاستی یاریزانی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی (بۆسكیس) بەردەوامیش دەبم لە گرنگیدان بە تواناكانی خۆم.

*** زۆر جار گوێ بیستی ئەوە دەبین دەڵێن هۆكاری شكستی یانەی هەولێر لە جامی ئاسیا ئەوەبوو كە میران لە سەرەتای یارییەكە لێدانێكی سزای لەسەر یانەی خۆی گرت لەم بارەیەوە تۆ چی دەڵێی؟**

- ڕاستە لێدانی سزاكە لەسەرەتای یارییەكە بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یارییەكە زۆری مابوو، لێدانی سزاكەش لێدانێكی دروست نەبوو بەڵام ناوبژیوانی یارییەكە هۆكاربوو بۆشكستی یانەكەمان.

دیمانە: كارزان كانەبی



# دیل بۆسکی مێژوویێکی تازە تۆمار دەکات

راهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا ڤیسینتی دیل بۆسکی مێژوویەکی تازەی تۆمارکرد کاتێك بووە یەکەم راهێنەری وڵاتی ئیسپانیا لەچوار پاڵەوانییەتی جیهانیدا رابەرایەتی هەڵبژاردەی لارۆخای کرد، دیل بۆسکی راهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا بوو لەجامی کیشوەرەکانی ٢٠٠٩ لەوڵاتی باشووری ئەفریقیا دواتر لەمۆندیالی ٢ ٠١٠ لەهەمان وڵات ئینجا یۆرۆی ٢٠١٢ لەهەردوو وڵاتی پۆلەندا و ئۆکرانیا، ئێستاش راهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیایە لەجامی کیشوەرەکانی ٢٠١٣ لەوڵاتی بەرازیل، دیل بۆسکی بەهیوای ئەوەیە مێژوویەکی دیکە تۆمار بکات ئەگەر بتوانێت جامی کیشوەرەکان بباتەوە چونکە دەبێتە یەکەم راهێنەر لە مێژوودا هەرسێ پاڵەوانییەتی جامی جیهانی و جامی نەتەوەکانی ئەوروپا و جامی کیشوەرەکان لەدوای یەك بەدەست دەهێنێت .

دیل بۆسکی بەم دەسکەوتە تازەیە بەپێش راهێنەر میگێل مۆنیۆز کەوت کەلەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا لە هەردوو یۆرۆی ١٩٨٤ و١٩٨٨ وجامی جیهانی ١٩٨٦ بەشداری کردووە، هەروەها بەپێش راهێنەر خافییر کلیمەنتی کەوت کەلەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا بەشداری کردووە لەهەردوو مۆندیالی ١٩٩٤ و ١٩٩٨ و یۆرۆی ١٩٩٦ بەڵام هەردووکیان هیچ نازناوێکیان بەدەست نەهێناوە .



# گاندۆکان لە دۆرتمۆند دەمێنێتەوە و لیڤاندۆڤسکیش بەردەوام دەبێت

یانەی بروسیا دۆرتمۆند دووەمی خولی ئەڵمانیا و دووەمی چامپیۆنز لیگ رایگەیاند هەردوو یاریزان ئەلیکای گاندۆکان و رۆبەرت لیڤاندۆڤسکی لە وەرزی داهاتوو لەریزی یانەکە بەردەوام دەبن، گۆڤاری کیکەری ئەڵمانی رایگەیاند یاریزان گاندۆکان بۆ ماوەی ساڵێکی دیکە لەریزەکانی یانەی دۆرتمۆند یاری دەکات، لەمبارەیەوە گاندۆکان بە گۆڤاری کیکەری راگەیاندووە: لە وەرزی داهاتوو لە ریزەکانی یانەی بروسیا دۆرتمۆند یاری دەکەم دواتر چاوەڕێ دەکەین بزانین لەکۆتایی وەرزدا چی روودەدات .

گاندۆکان لەوەرزی ٢٠١١ پەیوەندی بە یانەی دۆرتمۆندەوە کردووە و ئێستا تەمەنی ٢٢ ساڵە و لەپێکهاتەی سەرەکی یانەی دۆرتمۆند وهەڵبژاردەی ئەڵمانیا یاری دەکات .

لەلایەکی دیکەوە هانز یواکیم ڤاتسکە بەڕێوەبەری یانەی بروسیا دۆرتمۆند دووپاتیکردەوە هێرشبەری پۆلەندی رۆبەرت لیڤاندۆڤسکی ناچار دەبێت پابەندبێت لەگەڵ یانەی دۆرتمۆند تاکۆتایی بۆندەکەی لە هاوینی ٢٠١٤، ڤاتسکە لەلێدوانێکیدا گوتی : بەدڵنیاییەوە رۆبەرت لەوەرزی داهاتوودا لەگەڵ ئێمە یاری دەکات، ئێمە پلان بۆ داهاتوو دادەنێین .

لەلایەن خۆیەوە مایکل زۆرك بەڕێوەبەری تۆپی پێ لەیانەی دۆرتمۆند رایگەیاند لەماوەی دوو هەفتەی داهاتوو مەشقەکانی خۆی بۆ وەرزی داهاتوو دەستپێدەکاتەوە و پێویستە هەڵویستی یاریزانەکان یەکلابکرێتەوە، یانەی دۆرتمۆند ئامادەیە مووچەی لیڤاندۆڤسکی بۆ ٤,٥ ملیۆن یۆرۆ بەرزبکاتەوە بەڵام رێگای پێنادات بچێتە یانەیەکی دیکە، شایانی باسە یانەکانی بایەرن میونیخی ئەڵمانی و ریال مەدریدی ئیسپانی و مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی هەوڵی ئەوە دەدەن بۆند لەگەڵ لیڤاندۆڤسکی مۆر بکەن .




# خەونەکەی پێرلۆ لەبەرازیل هاتە دی

یاریزانی هێلی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی ئیتالیا و یانەی یۆڤانتس ئەندریا پێرلۆ یاریی ژمارە ١٠٠ی نێودەولەتی لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی ئەنجامدا بەرامبەر هەڵبژاردەی مەکسیك لە یارییەکانی جامی کیشوەرەکانی ٢٠١٣ کە تیایدا ئیتالیا بە دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێك سەرکەوتنی بەدەست هێنا و پێرلۆ بەجوانترین شێوە گۆڵی یەکەمی تۆمارکرد، پێرلۆ خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەئەنجامدانی ١٠٠ یاری نێودەوڵەتی و لە لێدوانێکیدا گوتی : کارێکی زۆر خۆشە یاری ژمارە ١٠٠ لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیتالیا لە ناو یاریگای ماراکانای بەناوبانگ ئەنجام بدەم و گۆڵێکیش تۆمار بکەم، ئەوە خەونی منداڵیم بوو هاتە دی .

هەروەها پێرلۆ ئەوەشی راگەیاند بڕیاری رۆیشتنی بۆ یانەی یۆڤانتس باشترین بڕیار بووە لە ژیانیدا، ئەم بڕیارەش وایکردووە ئێستا لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیتالیا بەشداری لەجامی کیشوەرەکان و خەونی یاریکردنی لەیاریگای ماراکانا بێتە دی .






# لە هەردوو پاڵەوانییەتیی هالە و کوینز فیدرەر و مۆرای باڵادەست بوون

یاریزانی سویسری رۆجەر فیدرەر و یاریزانی بەریتانی ئەندی مۆرای نازناوی هەردوو پاڵەوانییەتی هالە و کوینزی نێودەوڵەتی لە یاریی تێنسی سەر زەویان بەدەست هێنا کە یارییەکان لەسەر چیمەنی سروشتی بەڕێوەچوو، لەیاریی کۆتایی پاڵەوانییەتی هالە لەوڵاتی ئەڵمانیا ئەستێرەی سویسری فیدرەر بەرامبەر یاریزانی روسی میخائیل یوژنی یاری کرد و توانی یارییەکە بەئەنجامی دوو کۆمەڵە بەرامبەر بەکۆمەڵەیەك بباتەوە و بۆجاری شەشەم بووە پاڵەوانی ئەم پاڵەوانەتییە، ئەنجامی کۆمەڵەکان ( ٦*٧، ٦*٣، ٦*٤) بوو، ئەم نازناوە نازناوی ژمارە ٧٧ بۆ رۆجەر لەژیانی وەرزشیدا.

لە یاریی کۆتایی پاڵەوانییەتیی کوینز لە شاری لەندەن یاریزانی بەریتانی ئەندی مۆرای رووبەرووی یاریزانی کرواتی مارین سیلیچ بۆوە و یارییەکەی بردەوە بەئەنجامی دوو کۆمەڵە بەرامبەر بەکۆمەڵەیەك و بۆجاری سێیەم بووە پاڵەوانی ئەم پاڵەوانەتییە، ئەنجامی کۆمەڵەکان ( ٥*٧، ٧*٥، ٦*٣) بوو، یارییەکەش بۆ ماوەیەك وەستا بە هۆی باران بارینەوە .

شایانی باسە هەردوو یاریزان فیدرەر و مۆرای خۆیان بۆ یارییەکانی پاڵەوانییەتی ویمبلدۆن ئامادە دەکەن کە لە ساڵی رابردوو لەیاریی کۆتایی بەرامبەریەك یارییان کرد و فیدرەر نازناوەکەی بەدەست هێنا.



# سێ کوڕە کوردی یاریزانی تێنسی سەرمێزی گەیشتنە ریزی هەڵبژاردەی عێراق

لە شاری سلێمانی لە هۆڵی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی سلێمانی، بەسەرپەرشتی یەکێتیی ناوەندی تۆپی سەرمێزی عێراقی بەبەشداری ٢٥ یاریزانی یانەکانی عێراق، پاڵاوتنی یاریزانانی تێنسی سەرمێز بۆگەیشتن بە هەڵبژاردەی عێراقی بۆماوەی دووڕۆژ بەرێوەچوو،یارییەکانیش رۆژانە بە شێوازی خول بەڕێوە دەچوو لە نێوان یاریزانانی بەشداربوو لە یانەکان، هەردە رەئوف سەرۆکی یەکێتیی تێنسی سەرمێزی عێراقی لە بارەی پاڵەوانیتیەکە ئەوەی ئاشکرا کردو وتی :بەمەبەستمان لەدەست نیشان کردنی یاریزانان بوو بۆپاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەبی کە بڕیارە لە رۆژانی ١٥-تا ٢٢ی مانگی ئابی داهاتوو بەڕێوە دەچێت لە پایتەختی کوردستان، مەبەستیشمان لە کردنەوەی یارییەکانی پاڵاوتنەکانیش دەست نیشان کردنی یاریزانانە بۆهەڵبژاردەی عێراقی کە تیپێکی نوێ دروست بکەینەوە،بۆئەم پاڵەوانێتیە بە شێوەیەکی باش ئامادەیان بکەین بتوانین ڕکابەری بکەین لەگەڵ وڵاتانی ترگوتیشی نیازی ئەوەمان هەیە بۆ تیپێکە کەمپێکی مەشق و ڕاهێنان ئەنجام بدەین لە وڵاتی چین بۆماوەی دوو هەفتە وەکو ئامادە باشییەك بۆپاڵەوانێتیی عەرەب کە بڕیارە لە پایتەخت ئەنجام بدرێت،ئەم کەمپەش بە هاوکاری باڵیۆزی چین لە وڵاتی عێراق بەڕێوەدەچێت، لە پاڵەوانێتیەکانیشدا دوای ئەنجامدانی چەندین یاری لە نێوان تیپە بەشداربووەکانی پاڵەوانێتییەکە کە کێبڕکێی بەهێز هەبوو لە نێوان یاریزانان لە ماوەی دوو رۆژی ڕابردوو بۆئەوەی بتوانن پلێتەکانی یەکەم و دووەم و سێ یەم بەدەست بهێنین بۆئەوەی ببنە نوێنەری هەڵبژاردەی عێراق لە پاڵەوانێتی عەرەبی،دوای ئەنجامدانی یارییەکانیش هەریەك لە یاریزانانی کوردی شاری سلێمانی (کاروان ئازاد و حوسێن عومەر وهەردی عەلادین) پلەکانی ١و٢و ٣میان بەدەست هێناو بوونە یاریزانی هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراقی و بەشداری پاڵەوانێتی عەرەبی دەکەن لە شاری هەولێر، جێگای ئاماژە پێکردنە یاریزانانی یانەکانی کوردستان خاوەن ئاستێکی بەرزن لە یاریی تۆپی تێنسی سەرمێزو لەسەر ئاستی عەرەب و ئاسیا ئەنجامەکانیان وەکو پێویستن.



# بێچووە شێرانی ش

بەمەبەستی زیاتر خزمەت کردنی یاریی شەترەنجی ئاستەکانی تەمەنی بچووك و بەرەوو پێش بردنی یارییەکە لە شارەکانی عیراقی، وەکو بەرنامەی یەکێتیەکە لە هۆڵی هوتێل فەرەح لە شاری کەربەلا، یەکێتی ناوەندی شەترەنجی عیراقی بە هاوکاری یەکێتیی شەترەنجی لقی شارەکە، پاڵەوانێتی بێچووەشێرانی یانەکانی عێراقیان ئەنجامدا، لە پاڵەوانێتییەکەشدا یاریزانانی بەشداربووی ١٣ یانەکانی شارەکانی عێراقی پاڵەوانیتیەکە لەهەردوو ئاستی کوڕان و کچان تەمەن ١٤ساڵ ئەنجامدرا، لە پاڵەوانێتییەکەشدا یاریزانانی بەشداربووی شارەکانی لە ماوەی حەفت جەولەی یارییەکان بەشێوازی سویسری کێبڕکێیان دەکرد لەسەر بەدەست هێنانی پلەکانی پێشەوەی خولەکە، لە پاڵەوانێتییەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو لە پاڵەوانێتییەکە

# یانەی زاخۆ دەبێتە خاوەن کەناڵی تەلەفزیۆنی

یانەی زاخۆ کەلەم ساڵانەی دوایدا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و نەك تەنها لەتۆپی پێی بەڵکو لەچەند یارییەکی تریشدا لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق کێبڕکێ دەکات، لەدواین هەنگاویدا ئیدارەی یانەکە هەستان بەکڕینەوەی کەناڵی (Zaxo TV) کەپێشتر لەو شارە پەخشی دەکرد.

عەبدولوەهاب محەمەد سەرۆکی یانەی زاخۆ لەسەر ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك نووسی: بەڕێزان ئێمە وەك کارگێڕی یانەی زاخۆ کەناڵی (Zaxo TV) یمان کڕی و هیواداریت بتوانین لەڕێی ئەو کەناڵەوە خزمەتی وەرزشی کوردستان بکەین.

هەروەها سەرۆکی یانەکە دەڵێت: ئەو کەناڵە دەبێتە مینبەری سەرجەم چین و توێژ و ئایدیا جیاوازەکان و لەماوەیەکی کەمدا هەوڵدەدەین پەخشی (Zaxo TV) بگەیەنینە سەرجەم ناوچەکانی هەرێمی کوردستان.

## ـــــــەترەنجی سلێمانی پاڵەوانی عیراق بوون



ئاستێکی بەرزی یاریی شەترەنجی عێراقیان پێشکەش کردو کێبڕکێیان دەکرد لەسەر بەدەست هێنانی پلەکانی پێشـــەوەی پاڵەوانێتییەکە، لە بارەی پاڵەوانێتییەکەش ئەسعەد تۆفیق جێگری سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی عێراقی بۆگۆڤاری گوڵان گوتی: ئێمە وەکو بەرنامەی ســـاڵانەی خۆمان هەڵســـاوین بە ئەنجامدانی پاڵەوانێتی شەترەنج بۆئاستی بێچووە شێران بەمەبەستیشمان گرنگی دانی زیاترە بەم یارییە لە شارەکانی عێراقی پاڵەوانێتییەکەش ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو یاریزانانی بەشداربوو ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد و ســـەرئەنجامیش یاریزانانی یانەی پێشـــمەرگەی سلێمانی کە بە چوار یاریزان بەشداریان کردبوو توانیان لە کۆی ئەنجامدانی حەفت یاری شەش یاری بردەوە و یەك یاری یەکسان بوون و بووە پاڵەوانی خولەکەو بەردەوامیش دەبین لە خزمەت کردنی یاری شەترەنج لە شارەکانی عێراقی،بۆئەوەی بتوانین زیاتر خزمەتی یاریی شەترەنج بکەین لە عێراق، ئەنجامی کۆتایش بەم شێوەی خوارەوەبوو.

١-یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ١٣خاڵ
٢-یانەی ئیتساڵات ١٢خاڵ
٣-یانەی هەدەف ١١خاڵ



## پاڵەوانی کورد نزار ئەحمەد بوو بە پاڵەوانی واباى جیهان

بۆ یەکەمجار شـــاندی یەکێتیی واباى کوردســـتان بەشداری لە پاڵەوانییەتـــی واباى جیهانی کرد، پاڵەوانی جیهانی (نزار ئەحمەد) بە ناوی کوردســـتان بەشداری لە پاڵەوانیەتیەکە کرد و توانی پلەی یەکەم لەسەر ئاستی باڵای کورت بەدەست بهێنێت.

دوای بەڕێوەچوونی پێشبڕکێ لەسەر هەموو باڵاکانیش ئەنجامدرا، نزار توانی زۆرترین خاڵ کۆ بکاتەوە و ببێتە پاڵەوانی پاڵەوانان واتە پلەی یەکەم لەســـەر هەموو باڵاکان بۆ خۆی مســـۆگەر بکات و بەفەرمی بێتە پاڵەوانی واباى جیهان لە ٢٠١٣.

سەرۆکی یەکێتیی واباى کوردســـتان (ئەحمەد ڕامبۆ) ڕگەیاند کە نزار توانی ببێتـــە ڕکابەرێکی بەهێز لەپاڵەوانیەتیەکەدا و توانی دەســـتکەوتێکی مێژوویی نەك هەر بۆخۆی بەڵکو بۆ هەموو گەلی کورد بەدەست بهێنێت.

پاڵەوانیەتی واباى ئەمساڵ لە ڕۆژانی ١٤-١٦ ی ئەم مانگە لە وڵاتی هەنگاریا بەڕێوەچوو و شاندی یەکێتیی واباى کوردستانیش بەسەرۆکایەتی ئەحمەد ڕامبۆ بەفەرمی بەشداری تێدا کرد.

جێگەی باســـە پاڵەوانیەتی وابا ڕێســـاو یاسای تایبەت بەخۆی هەیە بە جۆرێك پێشـــبڕکێکانی لەسەر بنەمای باڵا (کورت، ناوەند، درێژ، زۆر درێژ) ئەنجام دەدرێت کێشی یاریزانان هیچ ڕۆڵێکی نییە لەم پاڵەوانیەتیە.

## یانەی دهۆک ئۆلیڤیرای بەرازیلی دوورخستنەوە




دوای ئەوەی ســـەرەتای ئەم وەرزەی خولی بژاردەی یانەکانی عێراقی دەســـتەی کارگێڕی یانەی دهۆك بەفەرمی گرێبەستیان لەگەڵ یاریزانی بەتوانای بەرازیلی زایتۆ ئۆلیڤێرای مۆر کرد، یاریزانی بەرازیلی لە دایکبووی شـــاری ســـالڤادۆی بەرازیل بۆچەندین وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپی یاری کردووە، ئەم وەرزەش بەفەرمی پەیوەنـــدی بەریزی یانەی دهۆك کردووە لە هەردوو خولی عێراقی و جامی ئاســـیا بەشـــداری کردبوو، بەڵام نەیتوانی بوو ئاســـتێکی شایستە پێشـــکەش بـــکات لە هەردوو خـــول و دوورخســـتنەوەی یانەی دهۆکیش لە جامی ئاســـیا لەســـەر دەســـتی یانەی کوێتی کوێتی ئۆلیڤێراش نەیتوانی ئەو رۆڵە بگێڕێت و ڕابەرایەتی یانەی دهۆك بکات لە گۆڵ تۆمارکردن، بۆیە لە ئێستاشدا کە خولی عێراقی وەستاوە و یانەی دهۆکیش بەردەوامە لە خۆئامادەکارییەکانی بەهۆی خراپی ئاستی لە مەشقەکان و یارییە دۆستانەکان فەجر ئیبراهیمی ڕاهێنەری یانەی دهۆك بەفەرمی دەست بەرداربوونی ئۆلیڤێرای لە یانەی دهۆك ڕاگەیاند و کە هیچی تر یانەی دهۆك پێویستی بەتواناکانـــی ئەم هێرشـــبەرە بەرازیلیە نییە، لەم بارەشـــەوە سوبحی کامل ئەندامی دەســـتەی کارگێڕی یانەی دهـــۆك بۆگۆڤاری گوڵان گوتی: بەهۆی خراپی ئاســـتی کە بەشـــێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە بۆیە فەجر ئیبراهیم ڕاهێنەری یانەکەی ئەوەی ئاشـــکرا کردووە کە پێویستی بەتواناکانی ئەو یاریزانە نییە و هیچ ســـوودێکی نابێ بۆیانەی دهۆك ئێمەش بەفەرمی گرێبەســـتمان لەگەڵی هەڵوەشاندۆتەوە و ئێستا تەنیا چاوەڕوانی بەڕێوەبـــەری کارەکانی یاریزانی ناوبـــراو دەکەین بۆئەوەی هەموو شـــتەکان بەشێوەیەکی تەندروست بەڕێوە بچێت،گوتیشی ئێمە لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستە تەواوی ئەو پارەی لێ دەستێنینەوە کـــە لای ئەو دەمینێتەوە، بە پێی ڕێکەوتنەکە بەم شـــێوەیە، گوتیشـــی چاوەڕوانـــی هاتنی بەرێوەبەری کارەکانی دەکەیـــن بۆئەوەی کارەکانمان لەگەڵ ئەم یاریزانە پیشەگەرە بەرازیلیە بە کۆتایی بێت،گوتیشی بڕیاری ئەوەمان نەداوە لە شوێنی ئەو یاریزانی تر بهێنین.جێگای ئاماژە پێکردنە ئۆلیڤێرا لە دایکبووی سلاَی ١٩٨٦ی وڵاتی بەرازیلە.